# وانەی 39

1- نوێژ و نزا:-
پێشڕەوی گروپ:- نوێژ و نزا بکە و پاشان نیشانی گروپەکەی بدە کە ئەم کۆرسە تایبەتە بە دروستکردنی قوتابی بۆ دەسەڵاتدار.
2- پەرستن 20 خولەك گوێگرتن بۆ خودا
بابەت :- پەرستن بە مانای گوێگرتن بۆ دەنگی خودا
1- هەوڵبدە دەنگی خودا ببیستی:-
پەرستن تەنها نوێژکردن و گۆرانی ڕۆحی نییە بەڵکو گوێگرتن لە دەنگی خوداش دەگرێتەوە. پەرستن بریتییە لە ئارامی و ئاسودەبوون لەپێناو بیستنی دەنگی خودایی.

- بە وریاییەکی زۆرەوە گوێ لە دەنگی خودا بگرە کاتێ دەخوێنیتەوە یان گوێ بیستی دەبیت.
- لە بیر و هۆش و ویژدانتدا سەرنج لە ڕۆحی قسەکردنی خودایی بدە.
- سەرنجێکی وورد لە کارەکانی خودا بدە لەژیانتدا.

کەواتا پەرستن سرنجدانی ووردە و هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە خودا دەیەوێت.
2- هەوڵبدە ڕاستییەکان بزانیت و هەستی پێ بکەیت
یەکێك لە لایەنە گرینگەکانی گوێگرتن بریتییە لە هەستکردن لەنێوان ڕاستی و درۆدا، لە کاتێکدا ڕۆحی بەدکاری یان کەسی بەدکار لەوانەیە ببێتە هۆکاری دروستکردنی درۆ و بوختان لە بیر و هۆشی تۆدا "ئەفەسۆس 6: 16"، ڕۆحی خودایی هەمیشە شتی ڕاست پیشانی تۆ دەدات و هەرگیز بەرە و هیچ شتێك ڕات ناکێشێت کە دژی کتێبی پیرۆز بێت "یۆحەننا 16: 13" لەبەرئەوە زۆر گرینگە ئەو دەنگەی کە لەناو ڕۆح و ناخی خۆتدا تاقی بکەیتەوە "دەنگی مەبەست" بە بەراوردکردنی ئەو قسانە لەگەڵ وتەکانی خودای گەورەدا تەنها ئەو شتانەی کە لەگەڵ وتراوەکانی خودا دەقاودەق هاوشێوەن، ئەوانە لە خوداوەن "1 یۆحەننا 4: 1 ـ 6".
پەرستن: ئێستا با خودا بپەرستین، ئەویش لە ڕیگای بێدەنگ بوون و گوێگرتنە بۆ وتەکانی خودا کە دەخوێنرێنەوە. هەوڵبدە تێبگەیت لەوەی کە خودا چی لەتۆ دەوێت. پێشڕەوی گروپ "لۆقا 6: 20 – 45" بەهێواشی دەخوێنێتەوە، وەستان لەنێوان پارچە دەقەکاندا.
3. بەشداربوون (20 خولەك)      بەزەیی
هەوڵبدە بە کورتی لەوە تێبگەیت کە لە ماوەی خوێندنەوەی ئەو دەقانەی کە لە ڕابردودا خوێندوتنەوە چی فێربوویت (ڕاعوس 1 ـ 4) گوێ بگرە بۆ ئەو کەسەی بەشداریت لەگەڵدا دەکات و لێی گەڕێ باش بیر بکاتەوە.
4.      فێرکردن 70 خولەك
تایبەتمەندی مەسیحی   ڕۆحی لێبوردەیی
ئەم پاچە دەقە خوێندنەوەیە کە دەربارەی تایبەتمەندی مەسیحی کە چۆن مامەڵە لەگەڵ دژواری و ناخۆشیدا دەکەیت، دەتوانیت بۆ زانیاری زیاتر سەیری (sapplemen 2  manual 4) بکەیت کە چۆن بەرەنگاری تورەیی دەبیتەوە.
أ- ناخۆشی و بێ ئومێدی و هۆکارەکانی
1- ناخۆشی و نائومێدی چییە؟
فێربکە: ناخۆشی بریتییە لەو ئازارەی کە لە ئەنجامی هەستکردن بە برینێکی ساڕێژنەکراوەوە سەرهەڵدەدا، ئەو برینە کاریگەرییەکی قوڵی کردۆتە سەر هەست و نەستی ئەو کەسە و توشی ناڕەحەتی کردووە، ئەمەش بەهۆی ژیان لەگەڵ کۆمەڵێك لە نا دادپەروەری و گەندەڵی و چەندین کاری دیکەی خراپ.
2- بۆچی خەڵکی توشی ناڕەحەتی و بێ ئومێدی دەبن؟
گفتوگۆ بکە: ئەو هۆکارە جیاوازانە چین کە وادەکەن توشی ناڕەحەتی و بێ ئومێدی بین؟

- نا دادپەروەری

لەوانەیە بە شێوەیەکی نا دادپەروەرانە مامەڵەت لەگەڵدا کرابێت، دادوەرێك بڕیارێکی ناڕەوای دەرکردبێت، دکتۆرێك پشکنینی هەڵە دەکات، کارمەندەکانت هەوڵی ڕێکخستن و چاککردنی کارەکانت نادەن، خۆشەویستەکەت کە بەشداری ژیانتە تۆی خۆش ناوێت، منداڵەکەت نکۆڵیت لێ دەکات.

- خراپ بەکارهێنان

لەوانەیە کەسێکی دیکە مافی تۆی خواردبێت، سود و قازانجی شتەکانتی بۆ خۆی بردبێ، واتا بە کورتی خراپ لەگەڵ تۆدا مامەڵەی کردووە.

- پەیمانی شکێندراو

دوای ئەوەی کە کێشە و گرفتەکانی خۆت لەلای هاوڕێیەکی باوەڕپێکراوی خۆت باسکردووە، بەڵام ئەم ئەمەی بە هەل زانیوە و چووە لای کەسانی دیکە باسی کردووە، ئەمەش ئازار و ناڕەحەتی بۆ تۆ دروستکردووە.

- بەهەڵە هەڵسەنگاندن

لەوانەیە تۆ کاری خۆت بە باشترین شێوە ئەنجام دابێت و هیچ کەموکوڕییەکت تێدا ئەنجام نەدابێ، بەڵام بەرامبەرەکەت بە هەڵە لەتۆ گەیشتووە و هەمیشە لە نرخی تۆیان کەمکردۆتەوە و ڕێزیان بۆ تۆ دانەناوە.

- بێئومێدبوون

لەوانەیە ئەوانەی دیکە کە ناگەنە ئەو هیواو ئاواتەی کە تۆ پێی گەیشتویت، هەمیشە هەوڵ دەدەن فێڵت لێ بکەن و بەمەش تۆ بێ ئومێد دەکەن و شتەکان وەکو خۆی ناگوێزنەوە بۆ ناو خەڵك.

- یاخیبوون

هەندێك جار خودا مرۆڤ تاقی دەکاتەوە و دەیخاتە ناو هەندێك ناڕەحەتی و دژواری جیهان، بەڵام لەوانەیە تۆ بە جۆرێکی دیکە سەیری ئەم تاقیکردنەوەیە بکەیت و توشی پرسیار و بیرکردنەوە بیت لە هەندێك شت کە واتلێدەکات ناڕەحەت بیت.

ب- کاردانەوە بەرامبەر ناڕەحەتی و ئازار

1- ڕونکردنەوەی کاردانەوەی مرۆڤ بەرامبەر ڕەفتارکردنی هەڵە لا 30

کاتێك کە ڕەفتارێکی ناشیرین بەرامبەرت دەکرێت، وەك سوکایەتییەك دەبینینت و هەست بە ئازار و ناڕەحەتی زۆر دەکەیت، زۆربەی جار هەستێك پاڵت دەنێت کەوا گیانی تۆڵەکردنەوە لە ناختدا دروست ببێت بەرامبەر ئەو کەسەی ئەو کارەی ئەنجام داوە.

2- ئەنجامەکانی ناڕەحەتی و نائومێدی کە بە هۆی چارەسەری هەڵەوە پێی دەگەیت "مەتتا 6: 15؛ عیبرانییەکان 12: 5؛ 6: 10 ـ 11 ـ 14 ـ 15) بخوێنەوە.

- دۆزینەوە و گفتوگۆکردن:- ئەنجامەکانی نائومێدی و ئازار چین بەگوێرەی پەیوەندی تۆ لەگەڵ خودا یان پەیوەندی تۆ لەگەڵ خەڵکی دیکە، یان پەیوەندی لەگەڵ خودی خۆتدا.

سەرنجەکان (ناڕەحەتی کار لە پەیوەندی نێوان تۆو خودا دەکات)

پەیوەندی نێوان تۆو خودا بەرەو پەیوەندییەکی لاواز دەچێت، کاتێك لێخۆشبوونی خودا ڕەت دەکەیتەوە و داوای خودا ناکەی، لەبەر خۆشەویستی و گەورەیی خۆی ئارامیت بۆ بگەڕێنێتەوە. چونکە ئەگەر وا نەکەیت هەلێکی گەورە لەدەست خۆت دەدەیت بۆ ئەوەی ببیتە باوەڕداری تەواو و گەشەکردو بە ڕۆحی پیرۆز.

ناڕەحەتی کار لە پەیوەندی نێوان تۆ و خەڵکانی دیکە دەکات

لەوانەیە لە خەڵك بکشێیتەوە و هاوڕێیەتی لەدەست بدەیت، یاخود بە تەواوەتی لە خەڵك داببڕێیت، ئەمەش هەمووی بەهۆی کاری نارەحەتی و ئازارەوەیە کە توشت هاتووە. ئەمەش دەبێتە هۆی کێشە و ناوبانگ زڕانی زیاتر، لەوکاتەدا دەبێتە دروستکەری کێشەی زیاتر، لەبەرئەوە دەبێت وووریا بیت.

ناڕەحەتی کار لە پەیوەندیت دەکات لەگەڵ خودی خۆت

ئەمە وەکو بوونی ژەهرە لەناو ڕۆح و بیر و هۆش و جەستەی تۆدا کە هەمووی دەبێتە هۆی ئەوەی تەواوی جەستە و ڕۆح توشی ژەهراوویبوون بێت. مەزاج و هەستی تۆ تێکدەدات، دەبێتە هۆی شێواندنی ڕۆحی دادگەری لە ناختدا و وات لێ دەکات کە ببیتە کەسێکی دڵ ڕەق و توندوتیژ و خەمبار، لە کۆتاییدا هەموو پەیوەندیەکانت دەپچڕێن و دەبیتە کەسێکی گۆشەگیر.

ج . مامەڵەکردن لەگەڵ ناڕەحەتی دژی چارەسەری هەڵە

1. ڕوونکردنەوەی وەڵامی خودایی بۆ چارەسەرکردنی هەڵە

لا 31

کاتێك بەشێوازێکی خراپ مامەڵەت لەگەڵدا دەکرێت، دەتوانیت وەکو مەسیحیەك ئەم حاڵەتە ببینیت، هەروەکو مەسیحیەك حاڵەتەکە دەبینێت، دەبێت چاوەڕێی یارمەتی خودا بیت کە چی دەکات. هەمیشە سەیری کاردانەوەی خودایی بکە لە بەرامبەر ئەو جۆرە ڕەفتارانە، ئەمەش کە ئەنجامی خوێندنەوەی ئینجیل و نوێژکردن و نزایە لە خودا بەرهەم دێت، ئەم نزیکبوونەوەیە لە خودا وادەکات کە ئەم جۆرە ڕەفتارانە بە کەم بزانیت و خودا و ئامانجەکەی لە سەروی ئەوانەوە بێت.

2. ڕوونکردنەوەیەك لە ژیانی یوسفەوە

یوسف ڕەفتاری هەڵەی بەرامبەر دەرحەق کرا

(بدۆزەرەوە و گفتوگۆ بکە): چۆن خەڵکانی دیکە ڕەفتاری خراپیان دەرحەق بە یوسف کرد؟
سەرنج: تەنانەت لەناو خێزانەکەی خۆشیدا ڕەفتاری ناشیرینی دەرحەق کرا، (پەیدابوون 37 : 1 ـ 36) براکانی ئیرەییان هەبوو و خراپ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد، تاوەکو لە کۆتایدا وەکو کۆیلەیەك فرۆشتیان، ئەوان لەلای باوکیشیان وتیان دڕندەیەك هاتووە و بردوویەتی و خواردوویەتی، یوسف شایەنی ئەو ڕەفتارە ناشیرینە نەبوو کە دەرحەقی کرا. ئەو قوربانی ئەو ناڕەواییە بوو کە لەناو خێزانەکەی خۆیدا هەبوو، سەرکردەیەك مامەڵەی خراپی لەگەڵ یوسف دەکرد (پەیدابوون 39 : 1 ـ 20) ژنی سەرکردەکە هەوڵی دا کە لەخشتەی بەرێت، چەند جارێك لەبەر ئەوەی بەردەوام ڕەتی دەکردەوە، لەدوایدا تاوانباری کرد و خرایە بەندیخانەوە بێ بوونی دادگایەکی ڕەوا یوسف بە تەواوەتی کەسێکی راستودروست بووە. هاورێکانیشی مامەڵەی خراپیان لەگەڵدا دەکرد (پەیدابوون 40 : 1 ـ 23) یوسف یارمەتییەکی زۆری دان کاتێك لەگەڵیاندا لە بەندیخانە بوو، بەڵام لەدواییدا بە تەواوەتی ئەویان لەبیرکرد، بۆ چەند ساڵێك تەنیا مایەوە لە بەندیخانەدا.

ئازارچێژتنی یوسف

(پەیدابوون 37: 2 ، 41 : 46) بخوێنەوە

بدۆزەرەوە و گفتوگۆ بکە: بۆ ماوەی چەند یوسف لەژێر ڕەفتاری خراپی ئەوانی دیکە مایەوە.
سەرنج: یوسف بۆ ماوەیەکی زۆر ئازاری چێژت، تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو کە بە کۆیلە فرۆشرا، لە میسر لە تەمەنی سی ساڵی دا بە یەکجاری ئازادکرا و بووە سەرۆك وەزیرانی میسر (پەیدابوون 41: 47 ـ 49) لەگەڵ ئەوەشدا خێزانەکەی لە کەنعان تووشی برسێتی و قاتوقڕییەکی زۆر هاتبوون، لەبەرئەوە باوکیان ئەوانی بۆ میسر نارد تاوەکو گەنم بکڕن، بەم شێوەیە براکانی یوسف چوونە بەردەمی یوسف لە میسر، بەڵام ئەوان هیچ بەوەیان نەزانی (پەیدابوون 42 : 1ـ 8) لە کۆتاییدا یوسف داوای لە براکانی کرد کە بێنە لای و لێیەوە نزیك بن و بێ هیچ ترس و دوودڵیەك.

هەرگیز بیری نەدەکردەوە لەوەی کە کاردانەوەیەکی بەرامبەر ڕەفتارە ناشیرینە رابردوەکەی ئەوان هەبێت. بەڵکو هەمیشە خودای لەیادبووە.

کاردانەوەی یوسف بەرامبەر سووکایەتی پێکەرانی

(پەیدابوون 45: 13 ـ 15 ، 21 ـ 24)(پەیدابوون 50: 15 ـ 21) بخوێنەوە

بدۆزەرەوە و گفتوگۆ بکە: چۆن یوسف وەڵامی براکانی دایەوە؟ کێ ڕەفتاری خراپی لەگەڵ کردبوو؟
سەرنج: لە کۆتایدا یوسف وەڵامێکی جوامێرانەی دانەوە، لە براکانی خۆش بوو، یەکگرتنەوە لەگەڵ براکانی وانەیەکی گرنگ بوو. دواتر لە باوەشی گرتن و ماچی کردن و گریان، قسەکردن لەگەڵ یەکتریدا هەموو ئەمانە ڕوویدا لەو مەسەلەیەدا و لە کۆتاییشدا یوسف هیچی لەبارەی تاوانەکەیانەوە کە بەرامبەر بە ئەو ئەنجامیان دابوو پێ نەوتن، هەرگیز تۆمارێکی ئەو هەڵانەی نەهێنایەوە بەرباس. لەبەر ئەوە دوایی یوسف داوای لە خودا کرد کە لێیان خۆش بێت و خەم و بێتاقەتی  ڕەوێنێتەوە. دوای مردنی باوکیان براکانی دووبارە دوودڵ بوون لە بەرامبەر یوسف کە لەوانەیە تۆڵەیان لێ بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یوسف دووپاتی کردەوە کە ئەو هیچ مەبەستی تۆڵەسەندنەوەی نییە، لە جیاتی تۆڵە و ئاژاوە یوسف تەنها میهرەبانی و سۆزی بڵاودەکردەوە، هەستە بریندارەکانی چەندساڵ پێشوو تر ساڕێژ بووبوون.
3. وانەکانی ئینجیل دەربارەی ڕەفتاری هەڵە
چۆن تاقیکردنەوەکان ببینین
"ڕۆما 8: 23؛ فیلپی 1: 12 ـ 14" بخوێنەوە
بدۆزەرەوە و گفتوگۆ بکە: چۆن دەتوانیت مامەڵەی هەڵە بەرامبەر خۆت ببینیت؟
سەرنج: دەتوانین ڕەفتاری هەڵە ببینین بەوەی کە خراپەکارییەکە دەرحەق بە تۆ دەکرێت و هەندێك جار خوداش خۆی تاقیت دەکاتەوە بە ناردنی هەندێك ناخۆشی و ناڕەحەتی بۆ سەرت.
چۆن کاردانەوەت دەبیت بۆ تاقیکردنەوەکان؟
"لۆقا 17: 3ـ 4؛ ڕۆما 12ـ 18؛ 1پەترۆس 2: 21 ـ 23" بخوێنەوە
بدۆزەرەوە و گفتوگۆ بکە: چۆن کاردانەوەت دەبێت بەرامبەر مامەڵەی هەڵە؟
نابێت هەرگیز بەدوای تۆڵەسەندنەوەدا بگەڕێی، بەڵکو زیاتر ڕووی خۆت لە خودا بکە و چاوەڕێی ئەو بکە کە چی دەکات، داوا لە خودا بکە کە هەستێکی ئەرێییت پێ ببەخشێت، تاوەکو بەرگەی ئەو ناخۆشی و نارەحەتییە بگریت کە بەسەرت هاتووە. دوای ئەوەی خودا ڕێگەچارەیەکی بۆ دۆزییەوە، هەولبدە بە وورياييەوە مامەڵە بکەیت و گیانی لێبووردەیی و ئاشتی بەکار بهێنە.
چۆن مامەڵە لەگەڵ هەستی ئازاردراو دەکەیت
زەبورەکان 38 : 1 ـ 22 ، 62 : 8 بخوێنەوە
بدۆزەرەوە و گفتوگۆبکە: چۆن مامەڵە لەگەڵ هەستی بریندارکراودا دەکەیت؟
سەرنج: بە تەواوی بەڕێز و ڕاستگۆ بە لەگەڵ خودا، بەرامبەر بیر و هەستت بە ئاشکرایی نائومێدی و تورەیی و ئازارەکانت دەربخە و باسی بکە بۆ خودا. هەندێك جار خودا ڕاستەوخۆ چارەسەری ئەم کەموکوڕیانەت بۆ دەکات، بەڵام هەندێك جار کاتێکی زۆری دەوێت و دەبێت لەسەر نوێژ و نزا بەردەوام بیت کاتێك وا هەستت کرد کە لێخۆشبوون و ئارامبونەوە سەختە دوور مەکەوە و واز مەهێنە، داوا لە هاوڕێیەك یان دوانت بکە ئەو بابەتەت لەگەڵ چارەسەر بکەن و دواتر برینەکانی هەستت بە تەواوی ساڕێژ دەبن "یۆحەننا 5 : 16؛ پەیدابوون 5 : 16".
چۆن گرینگی تاقیکردنەوە دەبینیت؟
"ڕۆما 5 : 2 ـ 5؛ عیبرانییەکان 12 : 10 ـ 11؛ یاقوب 1 : 2 : 4" بخوێنەوە
بدۆزەرەوە و گفتوگۆبکە: لەوتاقیکردنەوانەدا پێشبینی چ سودێك دەکەیت؟
سەرنج: تاقیکردنەوەکان دەبنە هۆی پارێزگاری و مانەوەی ڕاستی و پیرۆزی و وا لە ژیان دەکەن مانایەکی دیکەی هەبێت و کاریگەری زۆری بەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانەوە هەیە، خودا تاقیکردنەوەی قورسی بۆ داناوین هەتاوەکو ژیانمان بگۆڕێت و ببینە کەسێکی باوەڕدار و هەست بە دروستکردنی قوتابی بکەین.

بەکارهێنانی کرداری
- ڕەچاوی ڕەفتارێکی هەڵە بکە کە لە ڕابردوودا بەرامبەرت کراوە و ئەگەر هیچ کاریگەرییەکی خراپی بەسەرتەوە مابوو داوا لە خودا بکە تاوەکو چارەسەری هەستی بریندارکراوت بکات.
- بە کرداری داوا لە خودا بکە کە ئەم ناڕەحەتیانە ببنە هۆی بنیادنانی کەسایەتی خۆت.
چۆن یارمەتی کەسانی دیکە دەدەی کە توشی ناڕەحەتی بوونە
"پەندەکان 18 : 13 ـ 17" بخوێنەوە
بدۆزەرەوە و گفتوگۆبکە: پێویستە هەمیشە چی بکەیت بەر لەوەی ئامۆژگاری بکەیت؟
سەرنج: سەرەتا زۆر بە باشی گوێ لەو کەسە بگرە، پاشان هەوڵبدە لەو ناڕەزایی و خراپەکاریە تێ بگەیت کە لە بەرامبەری ئەنجامدراوە. پاشان گوێ لەو کەسە بگرە کە ئازاری ئەوی داوە، واتا لایەنی بەرامبەر. بیر بکەرەوە و لە خودا بپاڕێوە بۆ ئەوەی باشترین ڕێگە بدۆزیتەوە بۆ یارمەتیدانی ئەوان، هەوڵبدە لە هەموو شتەکانیان تێ بگەیت و دواتریش داوای لێخۆشبوون لە یەکتری بکەن.
5- نوێژ و نزا (8 خولەك)
نوێژ لە وەڵامی بانگەوازی خودایدا.
هەوڵبدە بە ووردی لەوە تێبگەیت کە خودای گەورە ئەمڕۆ فێری تۆی کردووە و نوێژ ئەنجام بدە، یان گروپەکەت بکە دوو یان سێ بەش، نوێژ و نزا بۆ خودا ئەنجام بدەن.
6. ئامادەکاری بۆ ماڵەوە.
پێشڕەوی گروپ: ئەم ئامادەکاریانە بدە ئەندامانی گروپ تاوەکو لە ماڵەوە جێ‌بەجێی بکەن

1. سپاردن: هەمیشە هەوڵبدە کە وەکو سپاردەیەك بانگەواز بۆ دروستکردنی قوتابی بکەیت، ووتار بدە، فێر بکە، پاشان هەوڵبدە (ڕۆحی لێبووردەیی) بڵاو بکەیتەوە.
2. کات تەرخانکردن بۆ خودا: هەوڵبدە کات بۆ خودا تەرخان بکەیت، لە "1ساموئیل 9 ، 10 ، 12 و 14" و هەموو ڕۆژێك هەوڵی دۆزینەوەی ڕاستیەکان بدە.
3. خوێندنەوەی ئینجیل: هەوڵبدە ئینجیل لە ماڵەوە بخوێنەوە "مەتا 4: 1 ـ 11" بابەتی فریودان لە جیهاندا، سەرنجدان.
4. نوێژ و نزا: لەم هەفتەیەدا نوێژ و نزا بۆ شتێکی دیاریکراو ئەنجام بدە، پاشان ببینە کە خودا چی دەکات "زەبوورەکان 5: 3".
5. دەفتەرەکەت نوێ بکەوە: لەسەر دروستکردنی قوتابی و سەرنجدان لە پەرستن و فێرکردنی ئەو ئامادەکاریانە.